# تیشکێک ڕەخنە لە سەر نووسینەکەی مەهاباد قەرداغی
# "پرۆژەی ئاشتی ناخەوە"

ئاسۆ بیارەیی 7-12-2007

کۆلێژی دەروونناسیی کۆمەڵایەتی/قۆناغی کۆتایی

چۆن ئاگری توند و تیژی لە پەنا دەسەلاتێکی نە گۆڕدا خەفە دەکرێت؟

من لەم گەشتە ڕەخنەیەمدا تەنها و تەنها لەسەر ماتریاڵەکەی مەهاباد قەرداغی کاردەکەم و کارم بە خودی کەسایەتی خاوەن نووسینەکەوە نیە و بە شێوەیەکی بابەتیانە هەڵسانگاندنەکان دەخەمە ڕو.

## سەرەتا

پەیامی ئاشتی پەیامێکی زۆر پیرۆزە، ئەرکی هەموو مرۆڤپەروەرێکە کە بکۆشێت بۆ جێگیرکردنی لە سەر ئاستی ناوچە و جیهان. داهێنانی میتود و شێوازی زانستی بۆ دارشتنی پێکهاتەیەک بۆ کارکردن زۆر گرنگترە لەوەی کە هەرەمەکیانە و بێ گەڕانەوە بۆ ڕێگە چارەیەک باسی لێوە بکرێت. من ناتوانم کوێرانە دەستخۆشی لە بابەتێک بکەم و بە هەندی وەرگرم، ئەگەر بە چاوی ڕەخنەوە نەی خوێنمەوە، لێ خوێنەری بێ ڕەخنە تەنها ڕۆڵی تەماشاکەری دەبێت و لە بەرهەمهێنەوە دەبێتە بەرهەمە خۆر، لە پێشخەرەوە دەبێتە پاشکەوتووخواز، لە ڕاستگۆوە دەبێتە مەراییکەر.

سەرەتای ڕەخنەکەم لە ماتریاڵەکەی مەهاباد قەرەداغی بەوە دەست پێ دەکەم، کە دەبوو نووسەر کە زۆر بە پەرۆشی ئاشتیەوەیە، کە هەوڵ دەدات توندو تیژی بن بڕ بکات، لە جیاتی کاندیتکردنی مەسعود بارزانی بۆ وەرگرتنی خەلاتی نۆبل(کەماوەیەکەی زۆرە لە جەماوەر خۆی شاردووەتەوە)، لەیلا زانای هەڵبژاردایە، پێگەی بەهێزدەبووەوە، بەلام لاوازتر بوو، بەوەی سەرکردەیەکی هەڵبژارد کە بە بنەماڵەوە لایەنێکی گرنگی شەڕی چل ساڵەی ناوخۆی نێوان کوردن لە بەشێکی کوردستان. ئەو هەڵویستەی نووسەر بابەتیانە و بێ لایەن نایێتە ناسین چونکە نووسەر لە هەمان دەلاقەوە جارێ ئاشتی دەدات کە تا ساڵانێکی نزیکی پێش ئێستا هەمان دەسەلات هانای بۆ سوپای داگیرکەرانی کوردستان بۆ لەناو بردنی لایەنێکی تر هێنا(31 ئاب 1996).

ویکپیدایا بەم جۆرە پێناسەی کارما دەکات: کە چەمکێکی ئاینی بوزایە و واتای ڕەفتاری کردن دەدات بەدەستەوە، کارمای، یاسای هۆکار و کارئەنجامە. مرۆڤ باسی کارمای "باش" و کارمای" خراپ" دەکات. ویکپیدیا، 4-12-2007) وەرگێران لە http://susning.nu/Karma.

زۆر سەرچاوەی زانستی( دەرونناسیی کۆمەڵایەتی) هەن کە باسی کەسایەتی دەکەن کە لە چەند جەمسەرێکی سەرەکی پێکهاتووە، دەروونناسێکی وەکو جۆرج هەربەرت مید(1864-1929) وا پێکهاتەی کەسایەتی شی دەکاتەوە کە بریتیە لە دوو جەمسەر بنچینەیەی گرنگ، "من" و"خود". بەپێ تاقیکردنەوە زانستیەکانی، ئەو دوو بەشە سەرەکین لە لە کەسایەتی مرۆڤدا. جەمسەری"من" لە کەسایەتیدا ئەو جەمسەرەیە کە هەمیشە چالاک و ئەکتیڤە و ڕووبەروی بزواندن دەبێتەوە( Trost& Levin. L. 46-472004) ، جەمسەری"خود" مت و پاسیڤە و بەرپرسە لە مێژوو، نۆرم و پێوەرەکانی کەسایەتی تیا پارێزراوە. بۆ ئەوەی کەسایەتی مرۆڤێک

گەشە و پێ بگات، دەبێ جۆرە هاوئاهەنگێک هەبێت لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەدا. جەمسەری"خود" وەکو بەربەستێک بەکاردێت(بۆ نموونە پاسەوانێک) بۆ ڕێگەگرتن لە سەرەڕۆیی جەمسەری"من". کاتێک "من" کارێک دەکات، یەکسەر "خود" ئەو هاوکێشەیە دروست دەکات بۆ ئەوەی کەسایەتی ئەو مرۆڤە تووشی کارێکی دەروونی شیواو نەبێت(Berg 1992, L .69-70).
 بەهۆی کارەساتەوە، بەهۆی شەڕەوە(تەنگەژەی دەروونی دروست دەبێت) ، مردن، یا خود ژینگەوە، هاوتەبایی ئەو دوو جەمسەرە تێک دەدات و(خود)کە دەشێوێت، لێرەشدا تەنها جەمسەری (من) بە تەنیا دەمێنێتەوە و بێ جەمسەری"خود"، ناتوانێت هەڵسوڕانێکی سروشتی لەگەڵ ژینگەکەیدا بکات. لێرە ئەو کەسە توانای دەرک پێکردنی کەمتر دەبێت و تا دەگاتە تەمەنێکی گەورە بەو شیوەیە توانای خۆگونجاندن و خۆ ناسینی کەم تر دەبێت (Kaplan, 2004, L. 80 ) هەروەکو پاشماوەی قوربانیەکانی ئاوشڤیزی جولەکەکان لە شەڕی دووەمی جیهانیدا.(Kaplan, L. 83 -121 ).. من لێرەدا دەتوانم بلێم لە بەر ئەوەی کە کەسایەتی(جەمسەری خود و من) ی کۆمەڵگەی کوردی لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە شکاوە(کارەساتی کۆکوژی ئەنفال بەدەست عەرەب)، لە لایەن دەسەلاتی خێڵەکی و کۆلەکیتڤ و نەگۆڕەوە کاری چاکردنەوەی بۆ نەکراوە، ئاسان نیە باسی پرۆژەی ئاشتی نەک تەنها ناخەوە، بەڵکو دەرەکیش بکرێت. ئاخر زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی تەنها جەمسەری"من" یان لە کاردایە، کە ئەوەش کاری تەواوی کردووەتە باری هوشیاری و بزواندنی هەمەلایەنە بەرامبەر ئەو ڕوداوانەی کە پێیدا تێپەڕیوون و ڕۆژانە بەهۆی نەبوونی هوشیاری دووچاری پاشکەوتن دەبنەوە، چونکە خشتەیەکی کەسایەتی تایبەتیان لەڕیگەی هاوئاهەنگی نێوان( جەمسەری من و خودا بە هاوکایە لە گەڵ وێنەی ئاوێنەی بەرامبەردا ) بۆ دروست نەبووە، کە کەسایەتیان بێداربکاتەوە لە دۆخەی کە تێی دەکەون و توانای بەرگریکردنی ئەو زانیاریە تازەیان نابێت ( Augostinos, Walker & Donaghue. 2007, L. 68-90).

ژمارەی لاپەڕەکانی پرۆژەی ئاشتی ناخەوە کە بەچەشنی زنجیرە لە کوردستاننێت بڵاو دەکرێتەوە، تائێستا 5 دانەی خراوەتە بەردەم خوێنەران، نزیکەی 25 لاپەرەیە و نووسەر ئاماژە بە هیچ سەرچاوەیەک نادات، کە خوێنەر بڕوا بکات کە ئەو ماتریاڵە هی نووسەرە. وەکو داب و نەریتێکی نووسین و بۆ پێشاندانی دەست پاکی نووسەر. لێ بە دەها سەرچاوەی زانستی و هەمەجۆر هەن کە باسی کارما و ئاورا دەکەن، هەرچەندە نووسەر ئاماژەی بە دکتۆر لازارێف لە بەشی یەکەم داوە، کە باسی کارما دەکات، بەڵام ئەوە بەس نیە بۆ پرۆژیەکی وای گرنگ کە خەڵکانێک یان دەزگایەک بیەوێت پشتی پێ ببەسێت. پەنا بردن بۆ سەرچاوە، نەک متمانەی نووسەر لای خوێنەر بەهێز دەکات بەڵکو نووسەر جەماوەرێکی بەرفراونیش ئالودەی خۆی دەکات.

نووسینی لەو جۆرە بێ سەرچاوە ، مەگەر تەنها لە شوێنێک ڕەواجی هەبێت، کە خەڵکێکی گووشەگیر و دور لە هەموو تواناکانی شارەستانی، بێت، بۆ نموونە لای چینێکی باشووری کوردستان کە لە مافی سەرەتایی(ئاو کارەبا) بێ بەرین، هەرچەند تا رادەیەک هەندێ ماڵ خاوەنی تۆڕی ئینتەرنێتن.

نووسەر بەو جۆرە نووسینانە خۆڵ دەکاتە چاوی چینی ڕۆشنبیری باشووری کوردستانەوە، بە تایبەتی (کچان و ژنان) و خوێنەرانی بە گێل دەزانێت. لێ ئەوەی ئەو نووسیویەتی سەدەها ساڵە نووسراوەتەوە و ئەمڕۆ لە زۆر مالپەڕ و پەڕتوک و بە چەندەها زمان هەیە. نووسەر لێرەشدا ناهەقێکی گەورەی دژی خۆی و خوێنەرانی کردووە، بەوەی کە خۆی بە خاوەنی ئەو ماتریاڵە دەزانێت، ئەوەش سەرەتای لە دایکبوونی گەنەڵی نووسینە، کە وەکو ڤایرۆس ، پرۆسەی ڕۆشنبیری باشووری کوردستان تووشی ئیفلیجی دەکات، وەکو بوارەکانی تری ژیان.

دوور نیە نووسەر دوای ئەم رەخنەیەی من، لە کۆتایی باسەکەیدا ئاماژە بە هەندێ سەرچاوە بدات، بەڵام ئەگەر لە ناو دێڕەکاندا شوێن و ناوی ئەو سەرچاوانە دیار نەبێت، دیسان ئەوە جۆرێکی ترە لە خۆ دزینەوە و لە ڕوی زانستیەوە ئاستی دەست پاکی نووسەر پیشان دەدات. هەرچەندە ئەوە کاری خوێنەر نیە کە سەرچاوە بۆ نووسەرێکی بدۆزێتەوە کە بابەتێک بنوسێت، بەڵام خوێنەرانی تریش مافی خۆیانە سەرچاوەی نووسینێک بزانن کە دەبێتە مایەی گومان لایان.

پێنج بەشی "پرۆژەی ئاشتی ناخەوە":

http://kurdistannet.info/2007/11-2007/5-11/nameikrawe.pdf
http://kurdistannet.info/2007/11-2007/29-11/projei2.pdf
http://kurdistannet.info/2007/11-2007/27-11/proje1.pdf
http://kurdistannet.info/2007/12-2007/5-12/proje4.pdf
http://kurdistannet.info/2007/12-2007/6-12/proje5.pdf

---

سەرچاوەی ئەلکترۆنی

http://shabda.blogfa.com/post-21.aspx
http://hem.fyristorg.com/teosofi/Vad_menas_med_karma.htm
http://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%83%D8%A7%D8%B1%D9%85%D8%A7
http://sv.wikipedia.org/wiki/Karma
http://www.ncf.ca/freenet/rootdir/menus/sigs/religion/buddhism/introduction/truths/karma2.html
http://radionawa.com/ku/News/NewsDetail.aspx?id=13348
http://susning.nu/Karma

پەڕتوک


1. Kaplan, S. (2003). *Barn under Förintelsen då och nu.* Finland: tryckning WS BO Bookwell. ISBN 91-27-09648-8

2. Karlsson, L (2004). *Psykologins grunder*. Lund: Studentlitteratur.

3. Trost, J & Levin, I (1996). *Att förstå vardagen*. Lund: Studentlitteratur

4. Berg, L E. (1992). *Den lekande människan.* Lund: Studentlitteratur

5. Augostinos, M. Walker, L & Donaghue, N (2007). *Social Cognition, An integrated introduction*. British Library Cataloguing in publication data: London